# هاوپشتی و پشتیوانی مەبدەئی

هاوڕێیانی خۆشەویست لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

بەشێوەیەکی گرنگ ئاگاداری چالاکی حیزبە ئامادەبەکارەکەتان و دەستکەوتەکانی خەباتگێڕانی کۆمۆنیستی کرێکاری بووم لە وەستانەوەیاندا لەبەرامبەر داگیرکاری ئەمریکی لە عێراقی براماندا، وە وەستانەوەیان لە بەرامبەر پیلانگێڕی تائیفی و مەزهەبی کۆنەپەرستدا، کە ڕووی لە زەوت کردنی ئیرادەی جەماوەری گەلی عێراقە، بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەو نیزامی عەدالەت و دیموکراسی.

دەمەوێت لێرەدا بەناوی خۆم و خەباتگێڕانی کۆمۆنیستی مەغریبەوە، کە لە یەکێتی«کۆمەڵەی»خەباتی شیوعیدا کۆبوینەتەوە، پشتیوانی مەبدەئی و بێ مەرجی خۆمانتان پێ ڕابگەیەنین و ئومێدەوارین پەیوەندیمان بچێتە پێشەوە لە پێناو چوونە پێشەوەی مەسەلەکەمان و پرسی پرۆلیتاریای جیهانی و خەباتەکەی لە پێناو بەدیهێنانی ئەلتەرناتیڤمان، کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا.

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

بژی کۆمەڵەی خەباتی کۆمۆنیستی مەغریب

بژی پشتیوانی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا

وەرگێڕ جبار محسن